# شەونم

هۆنراوەی (49)

مژده ای دل که مسیحا نفسی می آید

دڵە موژدەم دەیە بۆ  هاتنی عیسانەفەسێ
کە لە بۆنی نەفەسی خۆشیەوە دێ بۆنی کەسێ
خەمی هیجرانی مەخۆ  چونکە روانیمە کتێب
وای نیشان داوە کە دێ بەو زووە فریادرەسێ
لە گڕی وادیی ئەیمەن نە هەر ئەمنم دڵخۆش
چۆتە وێ حەزرەتی مووسا بە هومێدی قەبەسێ
هیچ کەسێ لەو گەڕەکی تۆ نیە کارێکی نەبێ
هەرکەسێ نەیگەڕەکە بێتە ئەوێ ناخەڵەسێ
کەس نیە مەنزڵی مەعشووقە بزانێ کوێ یە
هەر ئەوەندەی هەیە دێ چەلچەلە دەنگی جەرەسێ
تیکە مەی چونکە لە مەیخانەیی خاوەن کەرەمان
هەر غەریبێکی کە دێ هاتووە تاوێ وەحەسێ
یار ئەگەر مەیلی بە پرسینە لە بیماری خەمی
بڵێ زوو بیگەیە تا ماوە لە تەنیا نەفەسێ
خەبەری بولبولی ئەو باغە بپرسن کە ئەمن
گوێم لە ناڵێکی هەیە دێ لە ئەسیری قەفەسێ
قەسدی راوی دڵی حافزیە نیگارم یاران
سەیری ئەو بازە لە راوکردنی مێش و مەگەسێ

حافزی حەقیقی